**چاوی ڕووناک شێداره**

پۆپەی دارەکان هەڵدەلەرزن

ئەنگوست لە گۆ کەوتون

پەنجەی پێ تەزیون

پڕشگی خۆر و تروسکەی بەفر

چاوی ڕووناک شێدار دەکەن

منارەی مزگەوت ڕەشداگرساوە

بیلالەکان مافی کەڵەباب پێشێلدەکەن

دەنگی ئازاد کپ،

چەشنی خوڕەی ژێر سەهۆڵ

دڵتەنگی زستان

و تاسەی مرۆڤ بێ بڕانەوە. . .

چاوەڕوان بن تا پۆلی پەپولە

باڵ لە پۆڕی شلێرە ئەدەن

ورە، بەرز دبێ و ڕابوونی نوێ

بەسۆزەوە لە درگای بەهار ئەدا

گەر هیوا و بەرگری هەرەوەز نەکەن

دیسان هەرەس دەژیتەوە. . .

ڕەحمان سۆفی